# سەرلەبەیانییەک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی دەججالی کرد، هەندێک جار وا وەسفی دەکرد کە گرنگ نییە، وهەندێک جاری تر وا وەسفی کرد کە باسەکەی زۆر گەورە وگرنگە هەتاوەکو پێمان وابوو لە نێو کۆمەڵە دارخورماکانە

لە نەواسی کوڕی سەمعانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سەرلەبەیانییەک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی دەججالی کرد، هەندێک جار وا وەسفی دەکرد کە گرنگ نییە، وهەندێک جاری تر وا وەسفی کرد کە باسەکەی زۆر گەورە وگرنگە هەتاوەکو پێمان وابوو لە نێو کۆمەڵە دارخورماکانە، کاتێک ڕێکەوتین بچین بۆ لای، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستی پێکردین وفەرمووی: «ئەوە چیتانە؟»، ووتمان: پێغەمبەری خودا سەرلەبەیانی باسی دەججالت بۆمان کرد، وهەندێک جاری تر وا وەسفت کرد کە باسەکەی زۆر گەورە وگرنگە هەتاوەکو پێمان وابوو لە نێو کۆمەڵە دارخورماکانە، فەرمووی: «شتێکی تر هەیە زیاتر لە دەججال مەترسی لێدەکەم لەسەرتان، ئەگەر دەرچێت ومنتان لەناودا بم ئەوا من لە بری ئێوە چاری دەکەم، بەڵام ئەگەر دەرچێت ومنتان لەنێودا نەبم ئەوا با هەرکەسێک چارەسازی خۆی بێت، خودایش هەموو موسڵمانێك دەپارێزێت لە پاش من، (دەججال) گەنجێکی چاو هەڵتۆقیوی قژ لوولە، وەك ئەوەی بیشوبهێنم بە (عبدالعزى)ی کوڕی (قطن) جا هەرکەسێک لە ئێوە پێی گەیشت با سەرەتای سورەتی (الكهف)ی بەسەردا بخوێنێت، ئەو لە ڕێگا وجێگایەکی بەردەڵانی سەختی نێوان (شام) و (عێراق) دەردەچێت، جارێک بە لای ڕاست وجارێک بە لای چەپدا ئاشووب دەنێتەوە، ئەی بەندەکانی خودا جێگیر ودامەزراو بن». ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، چەندێك لەسەر زەویدا دەمێنێتەوە؟ فەرمووی: «چل ڕۆژ ڕۆژێکی وەك ساڵێکە، وڕۆژێکی وەك مانگێکە و ڕۆژێکی وەك هەفتەیەکە وڕۆژەکانی تر وەك ڕۆژانی ئاسایی ئێوەیە». ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو ڕۆژەی کە وەك ساڵێکە نوێژی ڕۆژێکمانی تێدا بەس دەبێت (واتە: نوێژی یەک ڕۆژ بکەین بۆ ئەو هەموو ساڵە بەسە)؟ فەرمووی: «نا، بە ئەندازەی خۆی خەمڵاندنی بۆ بکەن (واتە: بە ئەندازەی شەو وڕۆژێکی ئاسایی -24 کاتژمێر- پێنج نوێژە فەرزەکە بکەن)»، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی خێرایی جووڵەی چۆنە بەسەر زەویدا؟ فەرمووی: «وەك بارانێك وایە بای لە پشت بێت، دێت بەسەر گەل وهۆزێکدا بانگیان دەکات ئەوانیش باوەڕی پێ دێنن ودێن بە دەمیەوە، ئینجا فەرمان دەکات بە ئاسمان باران بباریێنێت، بە زەویش ڕووەك بڕوێنێت، سەر لە ئێواران مەڕ ومالاتیان کە دێتەوە سەرپشتیان لە جاران بەرزترە وگوانیان پڕ شیرترە و ناوقەدیان پانتر وقەڵەوتربووە، پاشان تێدەپەڕێت بە لای هۆزێکدا بانگیان دەکات، ئەوانیش بەرپەرچی قسەکەی دەدەنەوە، ئەویش وازیان لێدێنێت، ئیتر وشکەساڵی وبێبارانی ڕوویان تێدەکات هیچیان بە دەستەوە نامێنێت لە ماڵ وسامانیان، تێپەڕدەبێت بە لای وێرانە وکەلاوەیەکدا پێی دەڵێت: گەنجینەکانی خۆت دەربکە، گەنجینەکانی شوێنی دەکەون وەك شای هەنگ (کاتێک هەنگەکانی دیکە شوێنی دەکەون)، پاشان بانگی پیاوێک دەکات کە لەوپەڕی گەنجێتیدایە بە شمشێرەکەی لێی دەدات، هەروەك چۆن دەدرێت لە نیشانە دەیکات بە دوو کەرتەوە، پاشان بانگدەکات ئەویش سەر لە نوێ بەرەو ڕووی دێتەوە، ورەنگ ورووی پرشە دەدات وپێدەکەنێت، لە کاتێکدا کە لەو حاڵەدایە؛ خوای گەورە (مەسیح)ی کوڕی مریەم -صلى الله عليه وسلم- دەنێرێت، لای منارە سپییەکەی خۆرهەڵاتی دیمەشق دادەبەزێت، لەدوو بەرگی زەرددا، هەردوو دەستی خستووەتە سەر باڵی دوو فریشتە، کاتێک سەر دادەخات سەری ئاوی لێدەتکێت، کاتێکیش سەر بەرزدەکاتەوە جۆرە ئاوێکی لێدەچۆڕێت هەر دەڵێی دانەی مروارییە، هیچ کافرێک (بێباوەڕێك) نییە هەست بە بۆنی هەناسەی بکات ونەمرێت، هەناسەیشی پڕ دەکات بە ئەندازەی ئەوەندەی چاوی بڕ بکات، شوێن (دەججال) دەکەوێت هەتاوەکو لە بەردەرگای شارۆچکەی (لود:لُد) پێی دەگات وەدەیکوژێت. پاشان عیسا -صلى الله عليه وسلم- دێت بۆ لای هۆزێك کە خودا پاراستوونی لێی دەست دێنێت

بەسەر دەموچاویاندا، قسەیان بۆ دەكات سەبارەت بە پلەوپایەیان لە بەهەشتدا، لەكاتێكدا عیسا لەم حاڵەدایە، خودا وەحی دەنێرێت كە من چەندین بەندەم دەرهێناوە كە كەس تواناى جەنگ كردنى نییە لە دژیان، بۆیە بەندەكانى من حەشاردە (بینابە وبیاناپارێزە) لە كێوى (تور:طور)، ئینجا خودا (یەئجوج) و (مەئجوج) دەنێرێت، {وهم من كل حَدَبٍ يَنْسِلُون} [الأنبياء: 66] واته: {لە هەموو تەپۆڵكەیەكەوە (گردێكەوە) بە ڕاكردن بەر دەبنەوە}، بەراییەكانیان تێپەڕ بوون بە لاى دەریاچەى (تەبەڕیە:طبرية)دا چى تێدا بێت دەیخۆنەوە، دواییینەكانیان كاتێک تێدەپەڕن دەڵێن: ئەمە كاتى خۆى ئاوى تێدا بووە، پێغەمبەرى خودا عیسا -صلى الله علیه وسلم- وهاوەڵەكانى گەمارۆ دەدرێن هەتاوەكو واى لێدێت سەرەگایەك بۆ هەریەكێك لەوان باشترە لە سەد دینار بۆ یەكێك لە ئێوە ئەمڕۆ، ئینجا پێغەمبەرى خودا عیسا -صلى الله علیه وسلم- وهاوەڵەكانى -ڕەزاى خوایان لێبێت- دەست دەكەن بە پاڕانەوە وداواكردن لە خواى گەورە، لە پاشاندا خواى گەورە كرمۆكەى ناو پۆزى وشتر ومەڕوماڵاتیان (نەغەف:النَّغَفَ)یان بۆ دەنێرێت وتووشى ملیان دەبن، هەر هەموویان بە جارێک دەكەون ودەمرن وەك مردنى یەك كەس، پاشان پێغەمبەرى خودا عیسا -صلى الله علیه وسلم- وهاوەڵەكانى -ڕەزاى خوایان لێبێت- دادەبەزنە سەر زەوى، لە زەویدا یەك بست خاكیان دەست ناكەوێت كە زوخاو وبۆگەنى لاشەى ئەوان پڕى نەكردبێت، ئینجا پێغەمبەرى خوا عیسا -صلى الله علیه وسلم- وهاوەڵەكانى -ڕەزاى خوایان لێبێت- دەپاڕێنەوە لە خواى گەورە، بۆیە خودا باڵندە دەنێرێت وەكو ملى وشتر (وان) -لە گەورەیى درێژیدا-، لاشەكانیان (هەڵدەگرن)، وفڕێى (دەدەن) لە هەرشوێنێک خواى گەورە بیەوێت، وپاشان خواى گەورە جۆرە بارانێك دەبارێنێت نە خانووى قوڕ و نە ڕەشماڵ جێناهێڵێت، سەر زەوى هەموو دەشواتەوە وەك ئاوێنەى بێگەردى لێدەكات دواى ئەوە بە زەوى دەووترێت: بەرووبوومى خۆت سەوز بكە، فەڕ وبەرەكەتى خۆت بگەڕێنەوە، لەو ڕۆژەدا كۆمەڵە كەسێك لە یەك هەنار دەخۆن، ولە سایەى سێبەرى توێكڵەكەشیدا دەحەوێنەوە، هەروەها فەڕ و بەرەكەت دەكەوێتە گوانى مەڕوماڵاتەكانەوە بە ڕادەیەك شیرى وشترێك بەشى كۆمەڵێكى زۆر لە خەڵكى دەكات و مانگایەكى شیردەر بەشى تیرەیەك لە خەڵكى دەكات، لە كاتێكدا ئەوان لەم باروگوزەرانەدا دەبن، خودا شنەبایەكى خۆش هەڵدەكات بە بن باڵیاندا، گیانى هەموو بڕوادار وموسڵمانێك دەكێشێت، وخراپەكاران لە خەڵكى دەمێننەوە لە یەكترى دەپەڕن (داوێن پیسى وكارى قێزەوەن دەكەن) هەروەك چۆن كەرەكان -گوێدرێژەكان- لە یەكترى دەپەڕن، لەسەر ئەوان قیامەت هەڵدەستێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

یەكێک لە نیشانە گەورەكانى ڕوودانى قیامەت بریتیە لە دەرچوونى دەججال، وەكو لەم فەرموودەیەدا باسكراوە لە شتە نەبینراوەكانى داهاتووە (غەیبیاتە) كە دەبێت باوەڕمان پێى هەبێت و بەڕاستى دابنێین بەو شێوەیەى پێغەمبەرى خودا -صلى الله علیه وسلم- باسیكردووە، پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- لەم فەرموودەیەدا هەموو وەسفەكانى ڕوونكردووەتەوە بۆئەوەى هیچ باسێک سەبارەتى شاراوە نەبێت لە لاى مسوڵمانان، وخواى گەورە هەندێک تواناى سەیرى بە دەججال بەخشیووە ئەمیش بۆ تاقیكردنەوەى خەڵكى، بەسەر هەموو زەوییەكدا تێپەڕ دەبێـت جگە لە مەككە ومەدینە، ولە كۆتاییدا پێغەمبەر عیسا -علیه السلام- لەناوى دەبا، وپاشان یەئجوج ومەئجوج دەردەچن و سەر زەوى پڕ دەكەن لە خراپەكارى، وئەمیش لە نیشانە گەورەكانى ڕوودانى قیامەتە، وپێغەمبەر عیسا -علیه السلام- وئیمانداران لە خواى گەورە دەپاڕێنەوە بۆئەوەى ڕزگاریان بكات لەم خراپەكارانە؛ وخودا وەڵامى نزاكانیان دەداتەوە ویەئجوج ومەئجوج لەناو دەبات، لە پاش ئەم ڕووداوە گەورانە؛ خواى گەورە بە شنەبایەک ڕۆحى هەموو ئیماندارێک دەكێشێت، و لەسەر خراپترینى خەڵكى قیامەت هەڵدەستێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6380

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee